**پەخشان**

# لێم گەڕێن با لە غەریبی بمرم

سەدرەدین نوورەدین

پێشینان دەگێڕنەوە: کە ژنو مێردێکی هەژار، دوو سێ منداڵی سەروپێچکیان هەبوو، لە شارۆچکەیەکدا دەژیانو بەیەکەوە، لە ژوورێك دەنووستن.

پیاوەکە بەڕۆژ لە دەرەوە کارو پەیداکار نەبوو، ئێوارانیش بەدرەنگەوەو بەدەستی بەتاڵو بە مەدهۆشی هۆرتە هۆرتە دەهاتەوە، بۆیە ژنەکەی بەشەو لەناو نوێن وەدەری دەناو سەرماو برسیو بێ ئالیکی دەکرد...

شەوێکی ساردی زستان، ساوێنی کچۆڵەیان بە ئاگادێت، دەبینێ باوکی لەتەك نوێنەکانی لەسەر زەویی ڕووت، کورژەی کردووەو خەوتووە، خەمی بۆ دەخوات، بەدڵسۆزییەوە بانگی دەکات: باوە... باوە...! هەستە! بڕۆوە ناو جێگاکەت، سەرمات دەبێت...

باوەکەش بەکزیو خەفەتبارییەوە: ((لێم گەڕێن با لە غەریبی بمرم)

کە بە منداڵی ئەم پەندەم دەبیست، کەنینم دەهات، وەك کچۆڵەکە دڵگیرو هەست کولو جگەر بە کوانو سی کواندار، کەلەخو کەللە کلۆرو دەروون کەولکراو، کول ماڵو کۆلەوارو کۆلەژان لە کۆڵ، بەسەرگەردانیو شوێنبزری سەر چیغ دەچووم... وامدەزانی ژنەکە درو دۆستدارو نادروستو نارەسەنو چەك بەدەستو ناچیزەیە... پیاوەکەش کاڵو هۆش کەمو کەم توانایە... بەلاّم ئێستاکە لای خۆم وابێت، پیرو ژیرو گەڕیدەو سەراودەراو دیوم، لەبنە پاڵەوەش بەچاوی خۆم دیومن، تێیان ڕاماوم، ئەزموونداریم، چاك چاك دەزانم، ئەگەر ئەم جۆرە مێردانە، لەنێو پەردەدا، نەوبووك دەستیان لەمل بکەن، رایان مووسن، بیانلێسنەوە، رایان هەژێنن... ئەوان ئاوی ناسازی بەنگی هەندەرانیان نۆشیوە، هۆشفڕیون، لەخۆیانو دەوروبەرو سەروپێو پێگەی خۆیان دابڕاون.